116
ژمـــاره
مانگانەیەکی کاریکاتێرییە
سالّی شەشەم ژمارە(١١٦) ٢٥/٩/ ٢٠١٠
بەکاتی بەفلیم بوونی تەشکیلی حوکمەت

# گێپ

سوبعەت تاسەر ئێسقان www.gep-media.com




کاریکاتێر:
سالم سەلیم

دەرگاری مەکتەب والّایە..زۆربەیان بێ ئالّایە..کتێب لە مەکتەب کەمە.. لە بازاڕ وەک خۆلّ وایە
بورین بورین سەکەنی.. تەشکیلی حوکمەت گەنی.. عێراقیان کرد بە فلیم.. نووری و ئەیاد ئەفەنی
هەلیکۆپتەر واوەرە.. چێشتەکەمان ساوەرە.. خەرقی دەستوور لە بەغدا.. خۆش وەک سوکان پاوەرە
پایزەو گەلّاڕێزانە.. سێ ژەمە ڕێپێوانە.. ئاشتەوایی سیاسی.. فێلّ و پاشقول لێدانە



گەندەلی..
کاریکاتێری سەردار کێستەیی..ل٣٠

غەڵبەغەڵب

# فەرهەنگی پوچ مۆدێرنیتەی دەستەواژە سیاسییەکان



محەمەد قادر

هەرجارێ کوتلەو تاقم و حزبە سیاسییەکانی عێراق کۆبوونەوەو پرۆژەی سیاسی بۆ چارەسەری وەزعەکە لەسەر خاڵە گرنگەکان ئەکەن و وەک تیپی فتبۆڵێن کادیرو ئەندامەکانیان بە حەرەس و چاپچییەکانیشەوە لە پشت فەردەیەک مایکرۆفۆنەوە (وەکو بۆ وێنە گرتن وەستابن) لە گۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکاندا دەبینم، هەردوو ئەژنۆم وەک شەقشەقە ئەکەوێتە لەرزەلەرزو پێچ بە سکما ئەڕوات و ئەچێ! قورقوشم بەسەرما بتوێننەوە.. بیچم و سەروسەکت و سەرو سمێڵی بۆیاخکراوو کەڵبەی دانە زەردەکانی ئەو پیڕە دەرئەچێ! ئاخر هەموو جارێک ئەم ڕێککەوتنانەیان بیمنەت سێ تا چوار مانگی تر دوواکەوتن و چەلەحانێی دیکەی بەنێوچاوانەوەبووە، ناهەقم مەگرن ئەگەر بڵێم: ئەم بلیمەتانە نەک هەر سیاسین بگرە گەورەترین ئیشیان لە فەرهەنگ و زمانیشدا کردووە، (سیبەوەی) بیبینێ خۆی لێ ئەبێ بە نەخوێنەوارو پێی ناخوێنرێتەوە! چونکە واتای چەندین دەستەواژەیان وەها لینگاوقوچ کردووە، مەگەر بە قاوەگرتنەوەو لەپ خوێندنەوەو فاڵگرتنەوەی خاڵە موبارەک لە نیازیان حاڵی بین!

بۆنموونە:

* **التقارب السیاسی:** واتە-بە کیلۆمەتر دورکەوتنەوەی کوتلەکان و نەگونجان و شیرو تیر لەیەک گرتن
* **مباحثات سیاسیة:** ململانێ و شەڕێکی سیاسی، کە قەرەوەیسی تێدا معەوەق بکرێ.
* **مفاوضات:** قۆچ لە یێک هاویشتن و لێکترازان و بەعزکردنی سیاسی!
* **معالجة المشاکل و الازمة السیاسیة:** شەڕی دەستەو ئێخەو چاڵ بۆ یەکتر هەڵکەندن.
* **الاتفاق الاستراتیجي:** نائیلتیزامی و ململانێی ئەزەلی.
* **خارطة الطریق:** ئیفلیج کردنی گشت ڕێگاچارەکان.
* **الحل التوافقي:** ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆ خۆی.
* **الوساطة الاجنبیة:** دەستێوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی!
* **الوحدة الوطنیة:** پەرتوبڵاوی و خۆفرۆشی بۆ موخابەراتی دراوسێکان.
* **توحید الخطاب السیاسي:** هەریەک لە ئاشێ دەکوتێ!
* **وحدة اراضي العراق:** هەلاهەلاکردنی خاکی عێراق و خەڵکەی.
* **النزاهة:** پۆخڵەواتی و بۆگەنی و دزی تاسەر ئیسقان.
* **معالجة الفساد:** گەندڵکردنی ئەو کەس و دەزگایانەش کە ئەم ڤایرۆسەیان هێشتا پێ نەگشتووە.
* **الاستقرارالامني:** قەتلوعامکردنی یەکتر و تەقینەوە بە تی ئێن تی و عبوە ناسیفەو هاوەن.
* **نزع فتیل الازمة:** چەرخ و شقارتەلێدان و گڕدانی تەنوورە سیاسییەکە.

بەپێی ئەم فەرهەنگە پوچ مۆدێرنیتەیەی کوتلە سیاسییەکانی عێراق لەمەودوا دەتوانین ڕێنووسیش بە هەڵەوگێڕاوی بنووسین و بۆ زانینی ڕاستیی مەسەلەکان تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و ڕادیۆو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە هەڵەوگێڕاوی بخوێنینەوە! ئەگەر ڕۆژێکیش تەکنەلۆژیا لە عێراق پێشکەوت، لەجیاتی هەڵگێڕانەوەی ئەو هەموو کەرەستانەی ڕاگەیاندن.. باشتر وایەو چاویلکەیەکی لینگاوقوچکردنی وشەکان داهێنین ، بۆئەوەی کوتومت عەکسی ئەو دەستەواژانەمان بۆ بخوێنێتەوە!!

سەرکاتێر

ئاراس باڵەتەیی



چاوشارکێ (25)



ڕەوف حەسەن

rauf1945@yahoo.co.uk

Tel: 0770 153 63 97

# بەفربارینو.. هەرمێی پیشاو!

ئەو خەڵکە لە خۆفی خوا ناترسنو، هەمیشە بەهەقو ناهەق بوختان بۆ دوو سەتەلایتی کوردستانی دەکەنو، دەڵێن: گوایێ بەسپۆنسەری دوو سەتەلایتی عەرەبیو ئێرانی دەیگوزەرێنن! بەڕاستی منیش هەر لەخۆمەوە گومانم لەو وابەستەییەیان هەبوو!. بەبێ هیچ بەڵگەیێکی سەلمێنەر! تەنیا ئەوە نەبێ هەندێ زنجیرە درامای ئایینیی عارەبیو فارسی ئەوان بە دۆبلاژی کوردی دووبارە پەخشدەکەنەوە، لەگەڵ ئەو مزگەوتانەی لە سەرتاپای گوندو کوێرە دێیەکانی گەرمیاندانو، لێیان نوسراون بە ڕیاڵی ئەمیرە خێرەومەندە عەگاڵبەستوو و خانمە بەحورمەتو بورقوقعپۆشەکان دروستکراون! ئەمانەش بەڵگەی سەلمێنەر نین، مەعقوولیش نییە کەناڵێکی ئیسلامیی کوردی سوننە، وابەستەی کەناڵێکی فارسیی شیعە بێت!. کەواتە تا چوار شایەتی موعتەبەر نەهێنین کە بەچاوی خۆیان لە باوەشی خەلیفە عیززەت دووریداو لە کاتی جیهاددا بینیویانن، ئەوا هەر گومانەو هیچیدی. لێ سیاسەتوانانی ئەم سەردەمە گاڵتەیان بەم فەرموودەو گومانو نووسینە پیرۆزانەی من دێتو، دەڵێن ئەگەر کەر نەبوایێ، ئەوا تائێستە ئەوە حاڵی خۆیو ماڵی و منداڵی نەدەبوو!

بریا هەر لە گومانەکەی خۆمدا بوومایەو، ئەو مەخسەرەیەم بەسەر نەهاتایە.

لە ئێوارەی ڕۆژە رەشی هەشتی فەبرایەری ئەمساڵدا هەردوو کەناڵە بێگانەکە بە فارسیو عارەبی ڕایانگەیاند: سبەی نۆی شوبات، بەئیزنی خوا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی عیراقو سەرووی ڕۆژئاوای ئێران. ئینشائەل لاهو تەئالا! بەفرێکی زۆر دەبارێت. بەدویاندا هەردوو ئەوەکەی خۆشمان بە زمانی شیرینی کوردی تێکەڵ بەزمانی ئەهلی بەهەشت هەواڵەکەیان دووبارەکردەوە: بەمەشیئەتی جەللە جەلالەهوو سبەی شاری سلێمانی بەهۆی بەفربارینێکی زۆرەوە ئینشائەڵلاهو تەعالا تارای زیوین دەپۆشێت، وەڵلاهو ئەعلەم!

منیش –پیرەمێردی شاعیر ئاسا- دەمێکبوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدەبێ، وەلەو هێشتا نەشبارێوە، لێ بەو هەموو ئینشائەڵلایانە سبەی هەر دەبارێت. بەپەلە کەوتمە خۆم. بلووزو قەمسەڵە کۆنو، پووتی ناو فەرۆو، چاویلکەی پۆلۆڕایتو، دەسکێشو ملپێچو تەپلە خورییە رووسییێکەم لە کونو قوژبنی ژوورەکەمدا دۆزینەوەو، لەکن خۆمەوە بۆ سەفەری هەڵەبجە سبەینێ کەڵەکەم کردن. نەوەک ییکێکیانم لەبیربچێتو، بەم ئوفتادەییەمەوە سەرما لێمداو، ببمە مەخسەرەی برادەرە تەڕپیرو قۆشمەکانم. ئەوە ئەمین سەبانیان بەهەر حاڵ لە هەمووماں چەند سانییەک گەنجترە، لێ لە چۆن لەدەست توانجو تەعلیقی ع ع شەونمو تەها خەلیلو کامیل ژیر قوتاردەبم!

بەیانی زوو –لەسەر قسەی ئەو کچە جوانکیلە موحەجەبەیەی تەلەڤزیۆنو، ئەو هەموو عیلمو تەکنۆلۆژیاو کەشناسیو ئینشائەڵلایانە، بێئەوەی سەیری ئاسمان بکەم –لەسەر سیقە- هەموو کەوڵە کۆنەکانم پۆشین. بڕوابکەن لەبەر ئاوێنەکەدا لەبری ڕەوفە فەنی فەردە بالەییێکم بینی.

لەماڵ وەدەرکەوتم. دەڕوانم نە بەفر دیارەو نە باران، ئاسمانیش پەڵەهەورێکی پێوەنییە! وتم یاران! جارێ زووە. ئەگەر عیلمو تەلەڤزیۆنیش درۆبکەن، لێ بەو هەمووە (بەئیزنو مەشیئەتو قودرەتی خوداو ئیشەڵلاهوتەعالاو وەڵلاهو ئەعلەمە پڕووشەیێکی هەر تێدەکات! کێناڵێ سەعاتێکی دی نایکاتە کڕێوە، یان کلوکلو و تەپتەپ ئەژنۆیێکی تێناکات. ئەوسا ئەوان بەکراسی قۆلکورتەوە چۆقەی ددانیان دێو! ئیدی وەیل بەحاڵییان لە زمانی من. بزانن چی بەو پیرەمێردە عەلمۆدانەدەکەم کە دەڵێی بە قوڕمیش دەجووڵێنەوەو بەپاتری قسەدەکەن!

خوا! چیبکەم؟ مەدەد پیرمەنسوور دوو کلوو بەفر. کاکەحمەدی شێخ هاوارە دوودەنک تەرزە! ئەیهاووار لەبەر هەتاوەکە تەقیم. بێگومانم بەر لە چێشتەنگاو دەبمە هەرمێی پیشاو! وەڵلاهو ئەعلەم!

GEP
Karikatur Magazeen
No:116 25th September 2010
www.gep-media.com
Axecutiv Editor : Muhammad Qadir
sardamm2003@yahoo.com

باقی وەسەلام



ڕێبوار ئدریس
rebwaridris@yahoo.com

# شتە بێ تامەکان

شتی بێ تام هەیە سەیرە، کیلۆیەک خوێی تێبکەیت یان پەرداخێک لیمەندۆزی یان چنگێک ترشوسماق یا هەرچی بەهاراتی هیندستان هەیە بە هی سەر تەپڵەکانیشیانەوە تێبکەیت، هەر بێ تامەو تامی نییە .. وەک :

- ڕێنماییەکانی پۆلیسی هاتوچۆ.. ئەوەندەیان وتووەتەوە، سایەقی لێدەرچێ هەرچی بینەرە لەبەری کردووە !
- خشتەی کارەبا .. ئەوەندەیان گۆڕیوە،ساحێب مولیدە نەبێ، کەس سەری لێ دەرناکات!
- پاکوخاوێنی ژینگە .. لە کرێکاری پاککەرەوەی کۆمپانیاکان بەولاوە ، کەس ناپارێزێت!
- مافی ئافرەت .. ئەوەندەیان خولاندووەتەوە، خۆشیان تاقەتیان لێیچووە!
- وەحدەی ئەرازی ئەلعێراقی، ئەوەندەیان جویوە، حەز ئەکەی هەلاهەلا بێت !
- پرۆژە خزمەتگوزاریەکان .. ئەوەندە فراوان خەرەکی دەکەنەوەو باسی ئەکەن، توێخیان بە تامییەوە نەهێشتووە.
- راگەیاندنی بە حیساب ئەهلی .. ئەوەندە جنێونامەو تەشهیرو تەفجیرو فرۆفیشاڵیان کردووە، تامی ئەزموونەکمانیان لێ کردوین بە ژەقنەبووت.
- خۆپیشاندان و مانگرتن و نارەزایی دەربڕین.. ئەوەندە بێ بیانوون، کەس تاقەتی گرتن و بڵاوکردنەوەیانی نەماوە!
- هەواڵەکان .. وەک چێشتی مجێوری لێهاتووە، هەر یەکە ترش و خوێی بە هەوەسی خۆی پیائەکات، تامی پیازاویش نادات!
- ئەوەندە خواردەمەنی ئیکسپایەریان کردووە بە قورگماندا، تەنها تامی مقەباو قوتوەکانی ئەدا.
- دیموکراسیەت، رۆژ نییە بە سوورەوکراوی و شەو نییە بە برژاوی نەیکەن بە مەڵاشوماندا، کەچی هەر تامی دیکتاتۆریەتی ئەدا.




کاریکاتێر
زێرەڤان سالم
بێ توانج